گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەقئاوێزانی ئایینی لەشێعرەکانی مەحویدا بەنموونەی قورئانی پیرۆز

**م.ی.موحەمەد عومەر ئیبراهیم**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Mohammedqolmarfy@gmail.com

**پ.ی.د.عەبدوللا یاسین ئامێدی**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Abdallah.amedi@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/١٦
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

## ووشە سەرەکییەکان

Mahwi, Religious Textual, Poem, Literature, Rhetorical Arts

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.10

## پوختە

(دەقئاوێزانی ئایینی لەشێعرەکانی مەحویدا بەنموونەی قورئانی پیرۆز) ناو نیشانی توێژینەوەکەیە و هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە، بۆ خستنە ڕووی لایەنی دەقئاوێزانی ئاینی و بەتایبەتیش قورئانی پیرۆز،کەلەشێعرەکانیدا، بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت، هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە، لەدووبەشی سەرەکی پێك دێت، لەبەشی یەکەمدا، بەشێوەیەکی تیۆری باسی:(دەقئاوێزان وەك زاراوەو چەمك وپێناسەی دەقئاوێزان و جۆرەکانی دەقئاوێزان و ڕە هەندەکانی دەقئاوێزان) کراوە، لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باسی بەشێك لە( شاعیرانی کلاسیك کراوە کە قورئانی پیرۆزیان خستۆتە نیو شیعرەکانیانەوە و دواتریش تیشك خراوەتە سەر (مەحویی و دەقئاوێزانی ئاینی بەنموونەی قورئانی پیرۆز) کراوە، هەڵبەتە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین، ئەوەیە بۆمان دەردەکەوێت، بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان،چەمکی دەقئاوێزان بۆ یەکەم جار، لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپییەوە سەری هەڵداوە و پێشەنگەکانی ( میخائیل باختین و جۆلیا کریستیڤا و ڕۆلان بارت ) بوون، بەڵام هەرچی دەقئاوێزانە، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لە ساڵانی هەشتاکانەوە سەری هەڵداوە ، بەڵام سەرەتا بە دزی ئەدەبی ناوزەند کراوەو ئەدەبی ئایینی سەرچاوەیەکی گرنگی ڕۆشنبیری شاعیر بووە ،لە هەمانکاتیشدا شاعیر

خۆشی بەشێك بووە لەوەی، کەکاریگەری ئاینی بەتەواوی بەسەرەوە دیاربووەو لە هەمانکاتیشدا خۆشی شارەزاییەکی باشی لە قورئان و تەفسیرەکانی قورئاندا هەبووە، هەر لەبەر ئەوەشە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ، بۆ درووست بوونی دیاردەی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شاعیردا .لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، باسی ئەنجامی توێژینەوەکە کراوە و هەروەها ئەو سەرچاوانەش، کە پشتیان پێ بەستراوە خراونەتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** مەحویی،شێعر،دەقئاوێزان ،ئەدەب ،هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

## پێشەکی

### 1_0ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، هەروەکو لەناونیشانەکەیەوە دیارە:(دەقئاوێزانی ئاینی لە شێعرەکانی مەحویدا،بەنموونەی قورئانی پیرۆز) هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە بۆخستنەڕووی، ئەو مەبەستە شێعرییانەی کە لەڕێگای قورئانی پیرۆزەوە توانیو یەتی بە کۆمەڵگایان بگەیەنێت ، لە هەمانکاتیشدا بە شێوەیەکی فراوان شاعیر بەشێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی تێکەڵ بە شێعرەکانی کردووە..

### 2_0:هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەرچەندە، کۆمەڵێك توێژینەوە کراون،لەسەر چەند لایەنێکی مەحویی، بەڵام کەمتر ئاوڕ لە بابەتی دەقئاوێزانی ئاینی لەشێعرەکانیدا دراوەتەوە ،واتە بەشێوەیەکی دیاری کراو باسی ئەم بابەتەنەکراوە، گەر باسیش کرابێت بەشێوەیەکی لاوەکی و بەڵام گەر سەیری شیعرەکانیشی بکەین دەبینین بەشێوەیەکی بەرچاو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەشێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

### 3_0:سنووری توێژینەوەکە:

هەڵبەتە لەم توێژینەوەیەدا، تەنها تیشکمان خستۆتە سەر بەشێك لەو شێعرانەی، کەشاعیر قورئانی پیرۆزی تێکەڵ بەشێعرەکانی کردووە لە دیوانەکەیدا

### 4.0: ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی تیۆری و پڕکتیکیەو لە هەمانکاتیشدا نموونەی شێعریمان بۆپاڵپشتی بابەتەکە خستۆتە ڕوو.

### 5.0: گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان نوسینی هەرتوێژینەوەیەك بەدەرنییە لە هاتنەپێشی گیروگرفت،بەڵام بەپاڵپشت بەکۆمەڵێك سەرچاوەی بەردەست ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدرا.

### 6.0 :بەشەکانی توێژینەوەکە:

هەڵبەتە ئەم توێژینەوەیە، لە دووبەشی سەرەکی پێك دێت و لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی:

)دەقئاوێزان وەك زاراوەو چەمك و پێناسەی دەقئاوێزان و جۆرەکانی دەقئاوێزان و ڕەهەندەکانی دەقئاوێزان) کراوە.

هەروەها لەبەشی دووەمی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی پڕاکتیکی باسی:( دەقئاوێزانی ئاینی لە شێعرەکانی مەحویداکراوە و تەنها قورئانی پیرۆزیشمان بە نموونە وەرگرتووە و نموونەی شێعریشمان بۆ پاڵپشتی بابەتەکە خستۆتە ڕوو) و لە کۆتایشدا ئاماژەمان بەئەنجام و سەرچاوەکان کردووە.

دەقئاوێزانی ئایینی لە شێعری چەند شاعیرێکی کلاسیکدا بەنموونەی قورئانی پیرۆز **ەخنەی ئەدەبی:**

### 1-1 :دەقئاوێزان وەکو زاراوە:

بێگومان باسکردنی زاراوەی دەقئاوێزان،کارێکی هەروا ئاسان نییە،چونکە دیدو تێڕوانینی جیاوازی لەسەرە، هەرشێکیش بۆچوونی جیاوازی لەسەربوو، زیاترو زۆرتر لق و پۆپی لێدەبێتەوە،بۆیە دەتوانین بڵێین دەقئاوێزان، زاراوەیەکی نوێیە و جۆرێك لە نامۆیی پێوەدیارە،چونکە لەناو ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی زۆر لەمێژینەی نییە، بەکارهێنانیشی وەك دەقئاوێزان ( inter text )دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوەکانی (( جۆڵیا کریستیڤا) کە لە ساڵی ( 1967 – 1969 ) دا لە گۆڤاری ( tel quell )و کریتیك بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرچاوی دەکەوێت ، بەتایبەتی لەسەر دەقی شیعری )) ( کەمال مەعرووف :2003،ل57 ) .هەر ئەمەش بوو بەهۆکارێك بۆ ئەوەی بە زوویی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرنجی زۆری ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕابکێشت و لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆی لەسەر ئەنجام بدرێت، کە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیشی جوڵە و گۆڕانی بەسەر زاراوەکەدا هێناوە، وەك چەمکێکی نوێ لە زۆرینەی دەقە ئەدەبییەکاندا بەرجەستە بووە و گرنگی بە چەمکە ئەدەبییە کۆنەکان داوە ، بەتایبەتی ئەوانەی لەم چەمکەوە نزیکن وەك: (( تێهەڵکێش ، لێوەرگرتن ، ڕاستبێژی ، ویستن ، دزی )) . ( نووسین و خۆکوژییەکی تەواو نەکراو لەلایەن کۆمەڵێك نووسەر نووسراوە)) (عەبدولموتەلیب ،300، ل 108 ) . هەڵبەتە ئەگەر سەیری زاراوەکانی تریش بکەین جۆرێك لەم جیاکارییە بەدیدەکرێت ،بۆیە ئێستا هەموو ئەو زاراوە فەرەنسییانەش ((لەسەرچاوەی کرداری لاتینی ( tetter )وەرگیراوە ، کە واتای چنین ( حبك ) دەگرێتەوە ، بەمەش واتای ( inter text ) واتای ئاڵوگۆڕی دەق دەگەیەنێت )) . ( شنۆ محمد محمود ،2011 ،ل 6 ) . لەوەوە ڕوندەبێتەوە کە ئاڵوگۆڕی دەق بە جۆرێك لە جۆرەکان لەناو ئەو ئەدەبیاتەدا بوونی بەر فراوانی هەبووە کەلە زاراوە فەرەنسیکەشدا ئەمە ڕونتر هەستی پێدەکرێت.لەلایەکی تریشەوە،گەر سەیری زمانی عەرەبی بکەین کەچۆن لێکۆڵەران و نووسەروو ڕەخنەگران هەر لەسەدەی چوارەمی زایینییەوە چەمکی ( دزی ) یان بەکارهێناوە ، کە بەشێوەیەکی جیاواز ڕای خۆیان لەسەر دەربڕیوە وەك ( الجرجانی ) دەڵێت : (( دزی لەئەدەبدا لە واژە و واتا و مەبەستدایە بەشێوەیەکی ئاشکرا و نهێنی جێبەجێ دەکرێت لەگەڵا ئەوەشدا دزی ناسەلمێنێ بەسەر شاعیردا لەبەر ڕوودانی واتای هاوجۆر و بەیەکگەیشتنی پێشینە و داهاتوو )) ( عبدالقادر محمد امین ماوەتی،2000 ل 145 )کەواتە لەزمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە ڕەیی جیایی دروستکردووە و بە شێوەیەکی ئاشکراو نهێنی ڕەیی و بۆچوونەکانیان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ( الامدی ) یش کە لەساڵی ( 371 هـ ) کۆچی کردووە ، دەڵێت : (( ئەو واژانەی کە باوە بەدزی دانانرێت ، بەڵام دزی لەو واتایانەدا جێدەکرێت کە جوان و داهێنەرانەیە و تایبەتە بە شاعیرەوە )) . ( هەمان سەرچاوە ،2000 ل 145 ) . بەڵام ئەم زاراوەیە لای عەرەبەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بۆ نموونە (( وشەی ( التناص ) وەك زمان لەفەرهەنگی ( لسان العرب ) دا بە واتای ( الاتصال ) پەیوەندی کردن هاتووە و دەوترێت ئەم فلانە پەیوەندی بە زەوی فلانەوە کردووە و پەیوەندی پێوە هەیە )) . ( شنۆ محمد محمود ، 2011،ل 6 ) . لەلایەکی ترەوە گەر سەیری زاراوەی زمانەکانی تریش بکەین ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوندەبێتەوە بۆ نموونە:(( لەزمانی فارسیشدا بەتایبەت لە گۆڤار و فەرهەنگە ڕەخنەییەکاندا زاراوەی ( بنیامتنی ) یان بۆ بەکارهێناوە ، هەروەها لە کتێبی ( intertextuality ) ئەم زاراوەیە لەلایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

( پیام یزدانجو ) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی ( بنیا متنی ) )) ( هەمان سەرچاوەی پێشوو ،2011 ،ل 10 ) کەواتە زۆرجاریش نێوەڕۆکەکەی کاریگەری تەواوی بەسەرەوە هەیە و لێکەوتەکانی زیاتر بەدیار دەکەون.هەڵبەتە ئەوە بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی دەقئاوێزان لای نەتەوە جۆراو جۆرەکان، ئەگەر سەیری ئەو زاراوەیەش بکەین لە زمانی کوردیشدا ( دەقئاوێزان ) لە دوو توێی تێکەڵکردنی پیتەکانەوە زاراوەیەکی نوێیە و زاراوەیەکە یاخییە لە فەرهەنگی کۆن و زاراوە کۆنانەی کە بەشێك لەو چەمکەیان پێك هێناوە هەر بۆیە ( دەقئاوێزان ) زاراوەەیەکی سەرنج ڕاکێش و پەسەندە و (( ئەم زاراوەیە لە بەرانبەر ( التناص ) ی عەرەبیدا بەکارهاتووە ، بەڵام ڕیچکەیەیی لەسەرچاوەی فارسییەوە وەرگیراوە ، ئەگەر بەپێی سەرچاوەی یەکەم واتە ( امیختن ) بێت ئەوا واتای تێکەڵاو بوونی دوو دەق یان زیاتر دەگەیەنێت ، بەڵام زاراوەکە بەپێی چاوگی دووەم واتە ( امیختن ) دەقی گرتووە کەلەباوەش و لێك ئاڵانی دوو دەق دەگەیەنێت )) . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو ،2011 ل 10 ) . هەروەها ( میخائیل باختین ) بە زاراوەی ( dialogism ) ی ناوی بردووە و هەموو ئەو دەربڕینانە پەیوەندییەکی دەلالیان هەیە و لە ڕوانگەوە بۆی چووە کە: (( هیچ دەربڕینێك نییە پەیوەندییەکی جەوهەری تەواوی بە دەربڕینێکی ترەوە نەبێت )) . ( عبدالقادر محمد امین ماوەتی ،2000ل 147 ) . لەوە وە بۆمان دەردەکەوێت دوقئاوێزان تەنیا بەیەك دەق دروستنابێت ، چونکە پێویستی بەدەقێکی ترە تاوەکو لەناویەکتردا بتوێنەوەو ئەنجامەکەی پێ ئەنجام بدەن و بیپێکن ، بێ ئەوەی دەقی دووەم خۆی لەدەست بدات . ( جیرار جنیت ) بەم جۆرە پێناسەی ئەم چەمکە دەکات و دەڵێت : (( زۆر شت لە دەقەکان وەردەگرێت بەڵام مەرکەزیییەتی خۆی دەپارێزێت ، کە نووسەر باوکی دەقەکەیە و لەئەنجامی گۆڕین و ئاڵوگۆڕدا دەقئاوێزان پەیدا دەبێت )) . ( کەمال مەعرووف ،2003 ل 57 ) . بەپێی ئەم بۆچوونەبێت بەهۆیی ئاڵوگۆڕی دەقەکانەوە دەقئاوێزان دروستدەبێت و بەو مەرجەی نابێت دەقەکان مەرکەزیەتی خۆیان لەدەستبدەن و زۆر گرنگە هەموودەقەکان بەوانەشەوە کەوەر دەگیرێن ڕەسەنیەتی خۆیان بپارێزن.

### 2-1 :چەمك و پێناسەی دەقئاوێزان:

بێگومان باسکردن لەچەمکی دەقئاوێزان کارێکی زۆر ئاسان نییەو بەڵکو پێویستە بۆ خستنەڕووی چەمکی دەق ئاوێزان،هەوڵبدرێت بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان، ئەم چەمکە ڕوون بکرێتەوە، لێرەوە

بۆمان دەردەکەوێت کە:(( دەق و چەمکی دەق لەنێو مێژووی دەرکەوتنی ڕەوتە جیاوازەکانی وەکو بنیاتگەری و فۆرمالیزم و هەڵوەشاندنەوە گەری و سیمۆلۆژیا و هێرمۆنۆتیکا .. هتد وەك چەمکێکی ئاڵۆز و پڕاوپڕ لەپێناسەی جیاجیا دەردەکەوێت ، ئەمەش بەهۆی ئەو تێڕوانین و گۆشە نیگا جیاوازانەی چەمکی دەق ، لەچوارچیوەی بونیادە پێکهێنەرەکانییەوە دەردەکەوێ )). ( هەڵمەت بایز : 2013 : 67).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا دەقئاوێزان لە کۆنەوە سەری هەڵداوە،ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیەو ڕەوتی جیاوازی وەرگرتووە، زۆربەی لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانی ئەم بوارەو لەلای زۆربەی میتۆدەکان دەق مانای جیاوازی وەرگرتووە، لەلای لێکۆڵەرەوەکان دەق مانای جیاوازی وەرگرتووە ،کە بەم شێوەیە ڕوونی دەکەنەوە :(( کۆمەڵێ لێکۆڵەر لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەوڵیان داوە، کە چەمك و خاسیەتەکانی دەق ئاوێزان بخەنە ڕوو ، هەندێکیان وەك گوتارناس و هەندێکی تریان وەك سۆسیۆ زمانی و بنیاتخوازی سیمانی و بەشێکیشیان لەڕوانگەی شیعرییەوە ، ئەم کارەیان ئەنجامداوە.

هەموو ئەم بۆچوونانەش ئەوە دەسەلمێنن کە دەق ئاوێزان دیاردەیەکی گرنگی بنیاتی دەقە و بێ تێگەیشتن لە چەمك و خاسیەتەکانی ئاسان نییە، کە ڕەگ و ڕیشە گرنگەکانی دەق بناسرێنەوە )) (نجم خالید ئەلوەنی : 2012 : 46 ) . لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەدرێژایی مێژوو ئەم دەقانە لەڕێگای شێعروو وتارەوە چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی پەیڕەوکراوەو توانراوە زووتر ئەنجامەکەی خۆیی بپێکێت، ئەمەش بۆتە خاڵێکی بەهێزی ناوئەدەبیات و توانراوە کاریگەری زۆرتر لەناو کۆمەڵگا دروستبکات، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین :(( دەق ئاوێزان بەپێی بەناو یەکداچوونی دەقەکان باسکراوە ، تا ئەو ئاستەی دەقێك لە دەقی پێشووتر موتوربە کراوە ، وەکو مرۆڤ جەستەیەکە و هەڵگری چەندین خاسیەت و جیناتی پێشترە، لە ڕەگ و تۆی باب و باپیرانی پێشترەوە سەرچاوەی گرتووە، وەکو بۆ ماوەی کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی پێشتر وەردەگرێت ، تەنانەت دەق ئاوێزان وەك پرۆسەیەك بە کوڕی دەق دەناسرێت )) . ( هەڵمەت بایز :2013،ل67. )

هەر دەقێك، کە دەنووسرێت کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەڵام دەقی پێشتریش کاریگەری لەسەر دەبێت و بەرەو پێشی دەبات، بەڵام ئەو دەقە مانای خۆی لەدەست نادات ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێتکە:(( دەق ئاوێزان بەشێکی گرنگە لەسروشتی دەق و دەقیش وەڵامە بۆ ئەو پرسیارانەی کە خۆیان لەناو پیکهاتەکانی ئەودا دەنوێنن ، بۆیە ناکرێت دەق لە دەق ئاوێزان

جیابکرێتەوە ، یاخود بەبێ دەق ئاوێزان دەقێکی نوێ لەدایك دەبێت )) . (نجم خالید ئەلوەنی: 2012،ل46. )

لەوەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە دەق لە دەقئاوێزان جیاناکرێتەوەو دووشتی تەواو کەری یەکترن، لەهەمان کاتیشدا،لەلای :(( تۆدۆرۆف چەمکی دانوستکاری لە دەق ئاوێزان دەسەنێتەوە و تایبەتی دەکات، بە پەیوەندی نێوان دەقەکان و بەمەش جیاوازی لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا دەکات و بەبۆچوونی ئەم دانوستکاری میتۆدێکی تەئویلییە و دەق ئاوێزان پێکهاتەیەکی پێویستە بۆ چۆنییەتی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان دەقەکان ))  ( هەمان سەرچاوە :2012، ل47. )

بێگومان هەروەکو چۆن دەقئاوێزان لەکۆندا کاریگەری خۆیی هەبووە بە دڵنیاییەوە دەق ئاوێزان لە ڕەخنەی نوێشدا کاریگەری لەسەر دەق هەیە،ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی نوێ بکەین بەتایبەتی:(( ئەمڕۆ لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا، بابەتی ( دەق ئاوێزان ) بۆتە بابەتێکی زۆر گرنگی بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەمەش وانەبێ پەیوەندییەکانی کاریگەری و کارتێکردنی نێوان دەق و بەرهەمە ئەدەبییە دیاریکراوەکان بێ، کە ئەمەیان بواری ئەدەبی بەراوردکارییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکە تۆرێکی زراف و جوان دەوەستێنێ بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ هەموو ئەو شتانەی کەڵەکە بوونەوە نەناسراون و ستەمە هێماییەکان و کۆدە ئەدەبییەکان و ئەو بابەتانەی، کە بنچینەکاریان وون کردووە، بگەڕێتەوە . ( ئیبراهیم حسن،2014، ل 7. )

کەواتە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کاریگەییی ئەم جۆرە لە ئەدەبیاتە لەئەدەبی نوێشدا گرینگی زۆری هەیە، لە لێکۆڵینەوە، لە شیعر و پەخشان  ئەو جوانیانەی کە هەیەتی و ئەو کۆد و هێما و نیشانە ئەدەبییانەی لە شیعر و پەخشانەکەدایە ڕوون دەکرێتەوە ،هەڵبەتە دەق ئاوێزان، لە ئەدەبی نوێدا لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە :(( بەشێك لە دەرکەوتن و قورسایی دەق ئاوێزان ، وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی لەژێر سێبەری ئەدەبی بەراوردکاریدا ، ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەکان بەتایبەتی لە مشت و مڕی دژی ئەدەبی و داهێنان و خاسیەتی ڕەسەنایەتی دەق ، تا هاتنی ڕەوتە نوێیەکانی ڕەخنە، ئەم چەمکە بەتەواوەتی  دەرکەوت و خۆی لە دزی ئەدەبی و نارەسەنایەتی دەق پاراست ، هاو پەیوەستی خۆشی لەگەڵا ئەدەبی بەراوردکاریدا نەپچڕاند ))  ( هەڵمەت بایز : 2013: ل44. )

لەوەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە، هەموو ئەو مشت و مڕانەی کە لەسەر ئەم دەقانە ئەنجام دراون بەردەوام بووە بەدرێژایی ئەو مێژووەی کەهەبووە، دەق ئاوێزان لەڕەخنەی ئەدەبی بەراوردکاری لە کۆندا ڕەگ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕیشەی داکوتاوە، لەژێر دژی ئەدەبی داهێنان و خاسیەتی خۆی دەرخستووە، بەڵام دوای ئەوەی لە ئەدەبی نوێدا لەژێر باری دزی ئەدەبی هاتۆتە دەرە و بەرەوپێش چووە.

هەڵبەتە، ئەم لێکجوداییە هەربەردەوام دەبێت و خاڵە هاوبەش و لێك جیاوازەکان کۆتاییان نایەت،لەبەرئەوەی:(( هەندێ لێکدانەوەی دیکەی چەمکی دەق ئاوێزان هەیە، کە بەدوو شێوەی جیاواز تەماشای ئەم دیاردەیە دەکات ، یەکەمیان بە پێکهاتەیەکی سەرەکی دەقی ئەدەبی دەزانێت و دووەمیان وەك ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی دەقی تێی دەڕوانێت ، زۆربەی بۆچوونەکانی تر بەدەوری ئەو بازنەیەدا دەخولێنەوە ، کە دەق ئاوێزان مانای بەیەکدا چوونی دەقەکان دەگەیەنێت . لەوانەش بۆچوونەکانی دۆمنیك مەنگینۆ و فیلیپ سۆلەرە ) (نجم خالید ئەلوەنی :2012، ل49. (

هەر لێرەوەیە بۆمان ڕوندەبێتەوە، کەئەم بۆ چوونە جیاوازانە، کەچەند کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیەو هەردوکیان بەجۆرێك لەجۆرەکان یەکتری تەواو دەکەن، چونکەئەگەر دەق پێکهاتەیەکی سەرەکی دەقی ئەدەبی بێت ،ئەوا دەبێت ئامرازی هەبێت بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دەقەکە و تێکەڵا کردنی دەقەکان، کەواتە هەردوو بۆچوون پەیوەستن بەیەکتری و بێ یەکتری کەم و کوڕی تێ دەکەوێت.

ئەوە بەکورتی سەبارەت بەچەمکی دەقئاوێزان،کەچەندین بۆچوونی جیاوازمان بەرگوێ کەوت، سەبارەت بەپێناسەی دەقئاوێزانیش کۆمەڵێك بۆچوونی جیاواز هەیە لێرەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو: هەڵبەتە، گرییێنە سەرپێناسەکردنی دەقئاوێزان، دەکرێت بڵێن، کارێکی زۆر ئاسان نییە، چونکە هەرشتێك تێڕوانینی جیاوازی لەسەربوو،کارەکە قورستر دەکات، ئەوەی تێبینی دەکرێت، دەق ئاوێزان، لەچەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر پێناسەی بۆ کراوە ، ئێمە لێرەدا چەندین پێناسەی دەخەینە ڕوو تا زانیاری زیاتر و ووردەکاری زیاتر بخەینە بەر دەستی خوێنەران بەمەبەستی ئاشنابوونیان بە پێناسەکانی دەق ئاوێزان هەر لەم ڕوانگەیەوە دەق ئاوێزان: (( بریتییە لەوەی دەقێك بخەیتە ناو چوارچێوەی دەقێکی تر ، لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات ، کە هەر دەقێك پەیوەندی بە دەقەکانی پێش خۆی و دەقەکانی دەوروپشتی خۆی هەیە و هیچ دەقێکی دابڕاو لەدەقەکانی تر لەئارادا نییە )) . ( بابارسول نوری :2012،ل 28. (

لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هیچ دەقێك، بەبێ هیچ بنەمایەك بوونی نابێت چونکە ئەگەر دەقێك نەبێت ناتوانیت ئەو دەقە بنووسرێت،لەبەرئەوەی بەبێ بوونی ئەم بەرچاوڕوونییەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەدەکرێت بوونی هەبێت هیچ دەقێك نانووسرێت، واتا دەقێکی تێهەڵکێشی دەقێکی تر بکرێت ، دەقێکی نوێ دروست بکرێت ، ئەو دەقەی کە نووسەر تێهەڵکێشی نووسینەکەی دەکات، بۆ ئەوەیە کە زیاتر نووسینەکەی بەبەڵگە پشت ئەستور بکات، جا ئەو تێهەڵکێشکردنە هەر نووسینێك بێت ، واتا دەبێت ئەو دەقەی دەنووسرێ پەیوەندی هەبێ لەگەڵا ددەقێکی تر وەك : ( فەرمودە - ئایەت - قسەی نەستەق ) هەروەها لە پێناسەیەکی تری دەق ئاوێزان دا دەکرێت بوترێت دەقئاوێزان بریتییەلە: (( دەقێکی ئەدەبی چەند دەقی پێش خۆی لەشێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێش کردن و تەلمیع و ئاماژە لە خۆ دەگرێت ، ئەمانەش لەگەڵا باکگراوەندی دانەر و دەقە ڕەسەنەکەیدا تێکەڵا دەبن و پێکەوە دەقێکی تازە بەرهەم دێنن )) ( شنۆ مەحمەد مەحمود :2011،ل 11 ) . گەر سەیری ئەم پێناسەیەبکەین، بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە نووسەر یاخود لێکۆڵەر دەقەکۆنەکە تێکەڵ بە دەقە نوێیەکەدەکات لەڕێگەی یەکێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، بەو مەرجەی نابێت هیچ کام لەدەقەکان ڕەسەنیەتی خۆیان لەدەستبدەن، لەلایەکی ترەوە گەرسەیری ئەو پێناسەی(ژولیا کریستیفا)بکەین، ئەو بەو جۆرە پێناسەی دەقئاوێزانی کردووەو دەڵێت: (( دەق ئاوێزان یاسایەکی گەوهەرییە، کە لەڕێگای مژین و ڕووخاندنی دەقەکانی دیکەوە ساز دەکرێت )) . (کمال مەعروف : 89،ل2003 ) . کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیەبێت، بۆمان دەردەکەوێت،کە دەقئاوێزان لەڕێگای دەقەکانی تر دەمژەرێت و کۆمەڵێك یاساو کۆت و بەند هەیە تێکیان دەشکێنێت و لەڕێگای دەقەکانی ترەوە سازو ئامادە دەکرێت، هەروەها گرنگی دەق ئاوێزان لەوەدا بەدیار دەکەوێت، کە دەقێکی پێش خۆی بەکاربێنێت لەدەقەکەی خۆی، کە بەجوانییەکی زیاتری پێببەخشێت ،هەروەها گەر سەیری یەکێکی تر لەو پێناسەی کە بۆ دەقئاوێزان کراوە، لە پەرتووکی ) ( Introduction archiexte ) 1979 ) ( جیراد جینێت ) ، دەق ئاوێزانی لە چوارچێوەی بەناویەکداچوونی دەق ( Transtextualite ) داناوە و بەم جۆرە پێناسەی کردووەودەڵێت :(( ئامادەبوونی زمان ( ڕێژەیی - یان تەواو - یاخود ناتەواو ) دەقێك لەناو دەقێکی تردا و خواستن ، یان وەرگرتنی ڕوونی دەقێکی پێشکەش کراوە و دیاریکراو لە نێوان دوو کەوانە ، باشترین نموونەی جۆری ئەم ئەرکەیە )) (نجم خالید ئەلوەنی : 44)

هەڵبەتە لەو پێناسەشدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی ڕەسەن و لەجێگای خۆیی،دەبێت یەکێك لەو هێمایانەی کە دەق ئاوێزانی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە دەقی وەرگر لەناو کەوانە بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە دەقەکەی وەرگرتووە، یاخود موڵکی خۆی نییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

،چونکە گەر ئەمەی نەکرد لەلایەك دەقەکە ڕەسەنیەتی خۆیی لەدەستدەدات و لەلایەکی تریش دزی ئەدەبی سەرهەڵدەدات کەئەمەش کیشە بۆ نووسەروو خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی دروستدەکات، لێرەوە زیاتر ڕووندەبێتەوە، کەهیچ دەقێك نییە کە بەتاڵ بێت لەدەقەکانی تر و هەموو دەقێك وەك تابلۆ وایە لەم ژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکە پێك دێت ، کەواتە دەتوانرێت بوترێ کە هیچ بەرهەمێك بوونی نییە پێی بوترێ کاری ئەدەبی یەکەم ، چونکە (( هەموو دەقێ هاوژیانە بەجۆرێك لەگەڵ دەقەکانی تردا )) . ( عبدالقادر محمد امین ماوەتی، ل 147 ) . هەربۆیە ئەوەمان بۆڕوندەبێتەوە کەلێرەدا دەقئاوێزان جۆرە فراوانییەك بەخۆیەوە دەبینێت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری گرنگ لەو بوارەدا دێتەدی و دەمانباتە ناو شێوەیەکی نوێ لە خوێندنەوە و مێشکی خوێنەر پەیوەست بەوە دەکات پەلبهاوێ و بچێتە جیهانێکی نوێوە کە فرەدەقی پێوەدیاربێ ، چونکە هەموو دەقێکی کۆن واتا و دەلالەتی نامێنێ و دەبێتە کەرەستەیەکی خاو بۆ دەقی نوێ ، بەم جۆرە دەقئاوێزان بەواتای ئەو پەیوەندییە دێت کە لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆی هاتووە ، یاخود دەتوانین بڵێین ئەمانەش کەمەڵێك دەرئەنجامی ترە کەپێوەی پابەند بوون و لە ئەنجامی(( لەدایکبوونی دەقێك لە چەند ددەقێکی تر،بەیەکداچوونی دەق لەگەڵ دەقی تردا،بەدەرکەوتنی دەق لە دەقەکانی تردا،پەیوەستبوونی دەق لەگەڵ دەقەکانی تر ، یان چەند دەقێکی تر، بەیەکداچوونی دەق لەگەڵ دەقەکانی تر لەڕێگای پەیوەندییەوە، هیچ سنورێك بۆ دەق نییە، یان هیچ سنورێك لە نێوان دەقێك و دەقێکی تردا نییە، دەقەکە پوختەی بێشووماری دەقەکانە )) . ( عبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ل 109 ) . کەواتە لەوەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ هەن کە ئەم پرۆسەیە بتوانرێت بەشێوەیەکی ئامانجدار ئەنجام بدرێت و پەیوەستداربێت بە کۆمەڵێ بنەمای گشتی کەلەسەرەوە تیشکمان خستۆتە سەر، لەلایەکی ترەوە، ڕاستە هەر دەقێك ئەنجامی بەیەکداچوونی کۆمەڵە دەقێکە ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دانەری دەق کۆپیکەری دەقەکانی ترە ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر پشت بەدەقەکانی تر دەبەستێ و وەکو خۆی دووبارەیان ناکاتەوە ، بەڵکو پاش هەڵوەشاندنەوەی لە قالبێکی نوێدا دایدەڕێژێتەوە کە ڕوخسار و ناوەڕۆکی نوێی پێ دەبەخشێ و ڕەنگی جیاواز لە خۆ دەگرێت ، ئەمەش لەگەڵ ئەو پێناسەیەی ( عبدالمتعم عجب الفیا ) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت : (( دەقئاوێزان بەچەمکی تازە تەنها جوینەوە ( الاجترار ) یاخود کاوێژکردنی دەقە وەرگیراوەکە بە ئامانجی ئاسۆی

ئەوان نییە ، بەڵکو لەبنەڕەتدا کردنەوەی دیالۆگە ، سەر لە نوێ دارشتنەوەیە بە جیهانێکی جیاوازەوە کە بە مفارەقەیش کۆتایی دێت )) . ( شنۆ محمد محمود ، ل 13. )

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، فرە واتای و چڕ و پڕی دەقئاوێزان دەگەڕێتەوە بۆ کردەی دەقئاوێزان کە بەکارێکی پێویست دەزانرێ و زیاتر واتاکەی فراوان دەکات بەهۆی گۆڕینی لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر ، لەبەرئەوە (( پرۆسەی گۆڕین و نواندنی چەند دەقێکە کە دەقی ناوەند پارێزگاری لە واتای زیاد دەکات )) . ( عبدالقادر محمد امین ماوەتی، ل 148 ) هەرلێرەوەیە کۆمەڵێك یاساو رێسای نوێ بەمەبەستی فراوانی واتایی و ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەمەبەستی گۆڕانکاری ئەنجامدەدرێت ، چونکە هەموو دەقێك دەقئاوێزانە و دەقەکانی تر بە ئاستێکی جیاواز دەبینرێت و دوورنین لە تێگەیشتنەوە بەتایبەت کاتێ زانیاریمان هەبێت لەسەر دەقەکانی ئێستا و رابردوو.

**3-1 :جۆرەکانی دەق ئاوێزان:**

هەڵبەتە، سەبارەت بەجۆرەکانی دەقئاوێزان کۆمەڵێك راوبۆچوونی جیاواز بوونیان هەیەو دەتوانین بەکورتی ئاماژە بەوەبکەین کە دەقئاوێزان و جۆرەکانی ( صبحی تما ) کە زیاتر پشتی بە بیروراکانی رەخنەگری عەرەب ( سعید یقگین ) بەستووە و دەق ئاوێزانی کردووە بە دوو بەش:

1 -دەق ئاوێزانی خودی : کارە ئیبداعییەکانی نووسەرێك لەگەڵا یەك رەگەزی بنیادگەری ، یان لەگەڵا هەموویان بەیەکدا دەچن ، دەقەکانیش یەك لەگەڵا ئەویتردا، کارلێك دەکەن ، بەشێوەیەك کە بەدواداچوونی دەق ئاوێزانی لە میانی ئەو رەگەزەوە دەبێ، کە دەقەکانی تێدا ئاوێزان بووە کە دەشێ ئەو رەگەزەش زۆر دیار بێ.

2 -دەق ئاوێزانی گشتی : بە دوو ئاراستە دەڕوات ، ئاراستەی هاوچەرخ و ئاراستەی نوێخواز ، هەر یەکێکیش لەوان دەشێ لەگەڵا جۆری وەك یەك کارلێك بکەن ، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو حالەتە ئاماژە بەکارلێکەری رۆمان و دەقی کەلەپوری دەکات . ( نجم خالید ئەڵوەنی، 2003 ل 77. )

هەڵبەتە کەسەرنج بدەینە دەقئاوێزانی خودی بەپێی ئەو بۆچوونە، بۆمان دەردەکەوێت کەدەقئاوێزانی خودی ئەوەیە کە لێکۆڵەرێك یاخود نووسەرێك ئاماژە بەوەبدات یاخود هەرنوسینێك لەبارەیەوە بنووسێ جا نووسینەکە هەر دەقێك بێت، کە نووسینەکانی پێ دەوڵەمەند بکات ، بە تێکەڵکردنی نووسینێك لەگەڵا نووسینێکی تر، کە نووسینێکی نوێ دابهێنێت ، کە پێشوتر نەبووبێت ، ئەمەش بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرێك لە جۆرەكانی بونیاتگەری ، دەشێ ئەو ڕەگەزە، زۆر دیار بێ ، واتا تایبەتییە بۆ نووسەرێك بە تایبەت، بەڵام دەق ئاوێزانی گشتی :گەر سەیری دەقئاوێزانی گشتیش بکەین بۆمان ڕوندەبێتەوە کەدەقئاوێزان دوو ئاراستە لە خۆدەگرێ دەقی نوێ لەگەڵا دەقی کەلەپووری تێکەڵا بەیەکتری دەکرێ ، بەمەش دەقێکی نوێ دادەهێنرێ ، ئەدەبەکە دەوڵەمەند دەبێ هەر بەردەوام دەبێ بەڵام ئەگەر هەر لەسەر دەقە کۆنەکە بمێنێ ئەوا هیچ پێشکەوتنێك ڕوونادات ، ئەدەبەکە بەرەو لەناوچوون دەچێ هەردوو جۆرە دەق ئاوێزانەکەش ( خودی و گشتی ) هەردووکیان بۆ یەك مەبەست یاخود یەك ئامانج دەچێ ئەویش بۆ خزمەتکردن و دەوڵەمەندکردنی دەقەکانیان یاخود ئەدەبەکە بەجیا چ لەڕەگەز و دەقە نا هاوچەرخەکان ( کەلەپوری ، کۆن ، کلاسیك ) بێت جیاواز بن یان، وەکو یەك بێت گەڕان بە دوای تێهەڵکێشکرد نەکەش دەچێتەوە سەر ئەو دەقەی کە ئاوێزانی کردووە ،ئەوە بۆچوونێك لە بۆچوونەکان لەسەرجۆرەکانی دەقئاوێزان.

لەلایەکی ترەوە گەر سەیری کتێبی (جۆرەکانی گوتاردا) بکەین کە تۆدۆرۆف جیاوازی لەنێوان سێ جۆر لە دەقئاوێزان کردووە، بۆنموونە بریتین لەو سێ جۆرانە:

1 -دەقی لاسایی کەرەوە : لەم جۆرە دەقانەدا پەیوەندی لاسایی کردنەوە ، یان چاولێکەری لەنێوان بەرهەمێك و یەکێکی تر دروست دەبێت.

2 -دەق ئاوێزانی دەرەکی ( Extra textualite ) لەم جۆرە دەقی ئەدەبییەوە سوود لەو کۆمەڵە هێمایانە وەردەگیرێت کە لەوە و پێش دامەزراون.

3 -دەق ئاوێزانی ناوەکی ( Intertextualite ) لەم دەق ئاوێزانەدا دەقی ئەدەبی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و ئەو بەرهەمانە بەکاردەهێنێت کە لەوە و پێش بەکارهێنراون . (نجم خالید ئەلۆەنی: 2003،ل53. )

بەپێی ئەم دابەشکردنەی دەق ئاوێزان سێ شێوەی جیاوازی وەرگرتووە ( نێو دەقی ، ئاوێزانی دەرەکی - دەق ئاوێزانی ناوەکی ) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر ئەومەجالە فراوانەی نییە کەبتوانێت گۆڕانکاری ئەنجامبدات و مەودای بەردەمی زۆر بەرتەسکەلەبەرئەوەی نووسەر هەر ناتوانێت داهێنان بکات، بەڵکو دەبێت کاری لاساییی پێش خۆیی بەئەنجام بگەیەنێت، یان سوود لەبەرهەمانی پێشتر دەبینێت یان بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بەرهەمەکانی پێش خۆی بەکاردەهێنێت ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر ناتوانێت داهێنان بکات و دەقێکی تەندروست بەرهەم بهێنێت، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەجۆرێك لەجۆرەكان لاسایی ئەوانە پێشخۆیی نەكاتەوە، ئەوە ئەو بۆچوونانەبوون كەلەسەر دەقئاوێزان ئاماژەیان پێكرابوو.

### 4-1 :ڕەهەندەكانی دەقئاوێزان:

هەڵبەتە گەر سەیری یاساكانی دەقئاوێزان بكەین بێگومان دەق ئاوێزان، لەچەندین یاسای جۆراو جۆر پێك هاتووەو هەریاسایەك ئامانج لێی گەیاندنی مەبەست و پەیامی شاعیر بووە بۆكۆمەڵگا، تێهەڵكێشكردنی دەق، لە چەندین یاسا پێك دێت بەم شێوەیە پێناسەكراوە :(( لە دەق ئاوێزاندا كردەی ئالۆز هەیە، لە چۆنیەتی گواستنەوەی سەرچاوە وەرگیراوەكانی دەق ئاوێزاندا ، بەتایبەتی لە كردەی كەڵەكەبوون و یادەوەری و دواتر لەڕێی كۆمەڵێك بارودۆخی تایبەتی لایەنی نائاگایی دەقدا، لە چەند یاسایەكدا دەردەكەون ، كە هەندێ جار بە میكانیزمەكانی دەق ئاوێزان ، یان بە ئاستەكانی دەق ئاوێزان ناو دەبرێت )) . ( شنۆ مەحمەد مەحمود :2011،ل 41 ) . لەوەوە دەتوانین بڵێین، دوقئاوێزان كردەیەكی ئاڵۆزەو زۆر جار لەڕێگەی نئاگاییەوە دەتوانرێت كۆمەڵێك بەهاو یاسا بۆ بدەقەكە دابنرێت و یاخود لەڕێگەلی كۆمەڵێك باری تایبەت پرۆسەكە بەئەنجام بگەیەنرێت، چونكە لەتێكەڵكێشكردنی دەقدا كاری ئاڵۆزو جۆراو جۆر هەیە بەتایبەتی لەبواری كەڵەكەبوون و یادگەدا، لە هەمانكاتیشدا زۆر جار لەبواری نائاگایدا كارەكەی تێدەپەڕێنێت، هەر بۆیە كۆمەڵێك یاساو ڕێسای جۆراو جۆر هەیە كە دەقئاوێزانی پێ ئەنجامدەدرێت، كەئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1- تێهەڵكێش ( التزمين):

لێرەداگەر سەیری ئەم یاسایە بكەین، بەو شێوەیە پەیرەوی لەخۆیی دەكات و یاسای تێهەڵكێش لەنێوان دوو شتدا ئەنجامدەدات،بەڵام ئەو دووشتە شتێكی تایبەت و دیاری كراونییە، بەڵكو دەشێت ئایەتیك بێت لە قورئانی پیرۆز یاخود فەرموودەیەك بێت یاخو دێرەشێعری شاعیرێكی تربێت یان هەر شتێكی تر كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ تێیدا دەردەكەوێت و ئاماژەیە بە دەقی نائامادە بەوەی بەشێك لە دێرە شیعرێك ، یاخود دێرەكان هەمووی یاخود زیاد لە دێرێك وەردەگیرێت ، یان ئایەت و فەرموودە وەردەگیرێت ، لێرەشدا دەبێت تێبینی ئاستی هۆشیاری خوێنەر ڕەچاو بكرێت ئەگەر دەقی نائامادە ئامادەبوونێكی زۆری هەبێت ئەوا پرۆسەی بەیەكداچوون خۆی ڕادەگەیەنێت ، دەتوانین بڵێین سەبارەت بەمە، نووسەران بۆ چوونەكانی خۆیان خستۆتە ڕوو لەوانە: (عەلائەدین سەجادی) بەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیە پێناسەی تێهەڵکێش دەکات و دەڵێت : (( تێهەڵکێش لەبارەی ڕەوانبێژییەوە ئەوەیە کە هۆنەر دێنێ هۆنراوە و وەیان نیوە هۆنراوەی یەکێکی تر ئەخاتە ناو هۆنراوەی خۆیەوە و ئەبێ بەهێما ، وەیا بە ئاشکرا ناوی هۆنەر لێوەرگرەکە ئەهێنێ ، وەیان لەبەر ناوبانگییەك کە هەیەتی ناوی ناهێنێ ) ( عەلائەدین سەجادی ، 1978 ، ل 100. )

لێرەدا نووسەر تەنیا ئاماژەی بە وەرگرتنی هۆنراوە کردووە لەلایەن ڕەوانبێژییەکەیەوە پێی وایە پێویستە ناوی شاعیری هۆنراوەکەش بهێنرێت ، بەڵام ئەگەر بەناوبانگ بوو پێویست ناکات . هەروەها گەر سەیری بۆچوونی (ئیدریس عەبدوڵلا)بکەین بەم جۆرە پێناسەی تێهەڵکێشی کردووە و دەڵێت : (( برتییە لە تێهەڵکێش کردنی ڕستە و گووتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لەنوێدا دای دەڕێژێت ، جاگووتە و ڕستە کە ئایەتێکی بێت ، یان فەرموودەیەك ، یان پەندی پێشینان ، یان نیوەدێڕ و ، دێڕە هۆنراوەیەی شاعیرێکی تر ، یان تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر و یان هەر دەربڕینێکی تر بێت )) . ( ئیدریس عەبدوڵا ، 2003 ، ل 57 ) . بە پێی بۆ چوونی ئەم نووسەرە بێت دەکرێت تێهەڵکێشەکە بە چەند جۆرێکی جیاواز ئەنجامبدرێت، شێوەیەکی فرەڕەهەندی هەڵبگرێت، لەلایەکی ترەوە، (سعد فاروق یوسف) لەم بارەیەوە دەڵێت تێهەڵکێش : (( ئەوەیە کە شاعیر لە هۆنراوەکەیدا ئاماژە بە ئایەتی قورئانی یان فەرموودە یان داستان یان پابەندی پێشینان بکات )) ( سعد فاروق یوسف ، 2011 ، ل 142 ) . لێرەدا ئەم دوو نووسەرە تەنیا تێهەڵکێشان نەبەستۆتەوە بە هۆنراوەوە ، بەڵکو ئاماژەشیان بە ئایەت و فەرموودە کردووە کە ئەمە بەشێکی گرنگ لە شیعرەکانی مەحوی دا پێکدێنێت ، لەبەرئەوەی ئەم شاعیرە لە حوجرە خوێندوییەتی و مەلابووە ، لە شیعرەکانی هەست بەم لایەنە بەفراوانی دەکرێت.

## 2- تێلنیشان ( تلمیح):

هەڵبەتە، تیلنیشانیش یاسایەکی ترە، یاخود هونەرێکی تری ڕوانبێژییە،یاخود جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقئاوێزان ،بێگومان زۆر بەی شاعیران کە پەنایان بۆ ئەم یاسایە بردووە ئامانجیان تەنها ئەوە بووە، کە شاعیر بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی بەرهەمەکانیان سوودیان لێوەرگرتووە ، هەڵبەتە، هەموو ڕستەیەك لەدەقی ئەدەبیدا پێشینەی لە دەقێکی تردا هەیە ، هەروەها دەتوانرێ یان لە توانای دا هەیە بگوێزرێتەوە بۆ دەقێکی تر کە مێژوویەکی کۆنی لەگەڵا خۆیدا هەڵگرتووە ، خوێنەر لە میانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندنەوەی ئەم دەقەوە هەمووی بەبیر دێتەوە بەتایبەتی دەقی ئایینی ، بیرورِا زۆرە لەسەر ئەم جۆرەیان لەوانە : عەزیز گەردی دەڵێت : ( تێلنیشان ئەوەیە کە شاعیر بە وشەیەك یان چەند وشەیەك ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەکی خۆشەویست ، یان پەندێکی پێشینان ، یان قسەی نەستەق ، یان چیرۆك و ڕووداوێکی مێژوویی یان ئەفسانەی جیهانی یان نەتەوایەتی دەکات )) . ( عەزیز گەردی ، 2002 ، ل 20 ) .لەوەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ئەم جۆرەیان تەنها ئایەت و فەرموودە ناگرێتەوە ، بەڵکو بوارەکەی فراوانە و زۆر بابەتی تر دەگرێتەوە.

هەروەها عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێت : (( تێلنیشان ئەوەیە کە لەناو وتاری خۆت ئیشارەت بکەی بۆ ڕووداوێ یان شیعرێ یان پەندێکی پێشینان یان موژدەیەکی پێغەمبەر (د.خ ) )) ( مەلا عەبدولکەریم مودەریس ، 1991 ، ل 64 – 65 ) . لەوەوە بۆمان دەر دەکەوێت، سەرچاوەی دروستبوونی ئەم یاسایە فرە ڕەهەندەو لەهەر سەرچاوەیەك بێ دروستە ( ئایینی ، مێژوویی ، ئەدەبی ، ئەفسانەیی ، کەلەپوور ) ، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە هیچ بەربەستێك لە هێنان و بیر و بۆچوون و بەرهەمی تر بۆ ناو بەرهەمی نووسەر بۆ دروستکردنی پەیوەندی و دەوڵەمەندکردن نییە.

بەپێی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا شاعیر دەتوانێت چیرۆکیش بێنێتە ناو دەقەکەی ، بەڵام لێهاتوویی شاعیر لەوەدایە چۆن ئاوێزانی دەقەکەی خۆی بکات کە ئەمە لە شیعرەکانی مەحویدا بەرچاو دەکەوێت، واتە شاعیر توانیویەتی لەزۆر ڕەهەندەوە و لە بواری جۆراوجۆردا هۆنراوەکانی خۆیی دەوڵەمەندبکات و مەبەستیە شێعرییەکانی خۆیی پێ تەواوبکات.

### 3- جوینەوە ( الاجترار):

هەڵبەتە گەربێت و باسی ئەم ڕەهەندەی تریی دەقئاوێزان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەران پێیان وایە جوینەوە لەسەردەمێکدا بووە کە بەسەردەمی ئاست نزمی شیعر دادەنرا ، چونکە لێرەدا شاعیر بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەقی نائامادە دەکرد ، بەهۆشیارییەکی بێدەنگییەوە بوو ، بەشێوەیەك بووە تەنیا ستایشی هەندێك دیاردە و فۆرمی دەکرد بێ ئەوەی پێشکەوتن و داهێنانی تێدا بکات ، لێرەوەیە دەتوانین بڵێین ئەم یاسایە هیچ جۆرە تێگەیشتنیکی لەگەڵ دەقەکەدا نەکردووە ، تەنیا دووبارەی کردۆتەوە وەك خۆی ، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی پیرۆزی و ڕێزگرتنی هەندێك لە دەقەکان بەتایبەتیش ئایین و ئەفسانەکان ، بۆیە دەقە نوێیەکە دەبێتە دیلی دەقە کۆنەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم ڕوانگەیەوە شنۆ محمد دەڵێت : (( شاعیرەکان بەو شێوەیە کار لەگەڵ دەقی نائامادە دەکەن بە هۆشیارییەکی زۆر هێواشەوە یان بابڵێین بە ئاگاییەکی زۆر هێواشەوە بە شێوەیەك کە توانای ئەوەی نابێت کەوای دابنێت دەقەکە داهێنراوێکی بێ سنوورە ، تەنیا هەندێ جیاوازی لە ڕووکەشی دەرەوەی جیا لە بینینی گشتی پێکهێنانی دەقەکەدا دەکات )) . (، شنۆ محمد محمود ، 2011 ، ل 43 ) . کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جوینەوە واتا دووبارەکردنەوەی دەق وەکو خۆی بێ ئەوەی داهێنان بکات واتا لاسایی کردنەوە و هیچ دەستکاری دەقەکە ناکرێ ، ئەمەش بەهۆی ڕێزگرتنی هەندێك لە دەقەکان وەك دەقی ئەفسانەیی و دەقە ئایینیەکان ، دەقە نوێیەکە دەچێتە ژێر کاریگەری دەقە کۆنەکە ، لەلایەکی ترەوە مەبەست لەم بیرۆکەیە ئەوەیە لاساییکردنەوە، هەموو کەسێك یاخود خوێنەری ئاسایی هەست بەوە دەکات، کەوا نووسەرەکە لاسایی نوسەرێکی تری کردۆتەوە و داهێنانی نەکردووە ،خوێنەر هەستی پێ دەکات و لەهەمان کات، چێژ لە خوێندنەوەی وەرناگرێت و مەیلی خوێندنەوەی نابێت.

**4- هەڵمژین:**

هەڵبەتە، هەڵمژین یەکیکی ترە لەویاسایانەی کەبەشێك لەشاعیران پەنایان بۆبردووە، هەڵبەتە ئەم یاسایە دەق ڕەتناکاتەوە بەڵکو بەشدار دەبێت لە نوێکردنەوەی دەقەکە و بەشێوەیەکی تر دایدەڕێژێتەوە ، مامەڵە لەگەڵا دەقی نائامادە دەکات ، بەڵام لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گرنگی بە دەقە پیرۆزەکە دەدات وا مامەڵەی لەگەڵا دەکات کە بزوێنەر بێت و دەقە ئەسڵییەکە یان سەرچاوەکە ڕەت ناکاتەوە ، بەڵکو بەشدار دەبێت لە نوێکردنەوەی کرۆکی یان جەوهەری سەرچاوەکە یان دەقەکە. لەم بارەوە شنۆ محمد دەڵێت : (( ئەم هەڵمژینە دەقە نائامادەکە تەجمید ناکات و ڕەخنەشی لێناگرێت ،بەڵکو سەر لەنوێ دایدەڕێژێتەوە بە پێی پێویستییە مێژووییەکان کە لەو کاتەدا نەبووە کە ئەو دەقەی تیایدا نووسراوە ، بەم شێوەیە دەقە نائامادەکە لەناو بچێت و زیندوو دەبێتەوە و لەجێگەی ئەوەی بیمرێنێت و لەناو بچێت )) (شنۆ محمد ، ل 46 ) . لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم جۆرە ڕەهەندە تەنها ئیش لەسەر ئەوە دەکات کەدەقەکە جارێکی تر دابڕێژێتەوەو بەو شێوەیەی کەخۆیی دەیهەوێت و لەگەڵ دەقەکە دەگونجێت بەکاری بهێنێت و ئیشی لەسەر بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێبینی/ هەڵبەتە ئێمە لەو توێژینەوەدا تەنها نموونەی ئەو شێعرانەمان هێناوەتەوە، کە شاعیر قورئانی پیرۆزی بەکار هێناوە، بەزۆریش سوودمان لە سێ ڕەهەندی دەقئاوێزان وەرگرتووە، کەئەوانیش بریتین لە( تێهەڵکێش، تلنیشان، اقتباس) کە لەبەشی دووەمدا بەنموونەی شێعری ئاماژەمان پێکردووە، بەلام هەرچی ڕەهەندی جوینەوەو، هەڵمژین هەیە تەنها بۆ زانیارییەکی سەرەتایی ئاماژەمان پێکردووە.

## بەشی دووەم:

### 1-2 :دەقئاوێزانی ئایینی لە شێعری بۆچونی چەند شاعیرێکی کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی قورئانی پیرۆز

هەڵبەتە،دەقئاوێزان دیاردەیەکی زۆر کۆنە لەمێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا سەری هەڵداوە و ئەمەش زیاتر لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەدەب بەهەموو بەشەکانیەوە، کار لەسەر یەکتر دەکەن و هەندێ جاریش ڕۆڵی تەواوکەری یەکتر دەگێڕن . ئەم کارتێکردنەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئایینی ئیسلامی پیرۆز و قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ( د.خ ) . کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو گەلانی موسوڵمانی غەیری عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا بلاوبووەتەوە . ئەمە وایکرد کە کوردیش وەکو نەتەوەکانی دی بکەوێتە ژێر کاریگەری دەوڵەتی ئیسلامی و سوودی لەو دەستوور و شەریعەتەی وەرگرێت ، کەبووەتە بناغە و بنیادی ژیانیان لەهەموو ڕوویەکەوە بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کە هەموویان دەرچووی حوجرە و مزگەوت بوون و ئاشنا بوون لەگەڵا زمانی عەرەبی کە ماددەی ئیسلام بوو . هەروەها زۆربەیان دوسێ چوار زمانیان دەزانی و ئەم فەرە زانینەش هۆکاری سەرەکی بوو ، کە پەنای ببەنە بەرهەمی یەکتر و تێهەڵکیشان و وەرگرتن .... هتد . بێتەدی . ئەوەی دیار و ئاشکرایە کەزانستی دەقئاوێزان لەگەڵا سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەك هاتووەتە کایەوە ، بەڵام درەنگ وەکو زانستێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە . شاعیرانی کوردیش وەکو گەلانی تر تاوداوە و سوودیان لە کەلەپووری ناوچەکە وەرگرتووە . وەکو نموونەی ئەم شاعیرانە:

مەلای جزیری دەڵێت:

بەحوسنا ( احسن تقویم ) و زاهیر سوورەتی زاتـی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەزەردی ( علم الاسماْ ) و باتین و عەینی میرئانی

ئەگەر سەیری ئەم دێڕە شیعرە بکەین ، دەبینین جزیری هونەری دەقئاوێزانی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە . لەرێگای زانستی لێوەرگرتنەوە ( اقتباس ) ەوە توانیویەتی دەقئاوێزانی لەشیعرەکەیدا بەرجەستە بکات ، واتە شاعیر پەنای بردووەتە بەر قورئانی پیرۆز و سوودی لە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە پیرۆزە وەرگرتووە، بۆ هۆنینەوەی دێڕی سەرەوە . کەدیارە ئاماژەیە بۆ هەردوو ئایەتی قورئان ( لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم ) و ( علم أدم الاسماْ کلها ) ( سورەتی بەقەرە : ئایەتی 31 ) . هەروەها بڕوانە ( پ.د . عیزەدین مستەفا رسول ، 2002 ، ل 339. )

هەروەها لەدێڕێکی تردا ، لێوەرگرتن پەیڕەو دەکات و لەناو شیعرەکانیدا ئاماژە بە ئایەتێکی تری قورئانی پیرۆز دەکات و دوڵێت:

دپا بۆسا سەمەن سابێ م نێری بەژن و باڵایێ

لعلی ابلغ الاسباب ، اسباب السموات

جزیری دەیەوێ بەپێی یاسەمینەی ماچ کردن و بەو نواڕینە بەژن و باڵایە بگاتە پلە و مەبەست و ئاسمان ، بەڵام ئەمە خەیاڵە ، دیارە لێرەشدا مەلا ئیشارەت بۆ ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەکا کە دەفەرموێ : ((ۆقَاڵ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِی صَرْحًا لَعَلِّی أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ)) ( سورەتی غافر ، 36. )

لەشوێنێکی تردا ، جزیری بیرۆکەی تێلنیشان ( تلمیح ) بەکاردێنێت ، وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی دەقئاوێزان ، کەبەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکیان پەنایان بۆ ئەم یاسایە بردووە . بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی بەرهەمەکانیان ، هەروەکو لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە:

تۆناری فیرقەتی زانی دکارم ئەز تەحەمول کم

دیاری کۆهی قەندیلم بلا قیلم د عشقیدا

واتە : خودایە هەرچەندە وای دابنێم کەمن کێوی قەندیلم ، هیچ گلە و موتەقیشم لە دڵداریدا قەت نەبووبێ ، ئایا من چیتر دەتوانم تاقەتی جودایی بێنم ؟ خوایە تۆ بۆخۆت دەزانی ئاگری جودایی چەند تەوژم و بێ ئامانە ، دەشزانی خۆ لەبەر ڕاگرتنی تەنانەت لە ووزەی چیای قەندیلیشدا نییە.

مەلا ئیشارەت بەو ئایەتە دەکا کە خوا فەرموویە : ئەگەر ئەم قورئانەمان ناردبایە سەرچیا ، دەتدیت بە زەلیلی لە ترسی خودا لەت لەت دەبووم و لەبەر یەك دەچوو . دیارە مەبەستی شەرح کردنی ئەم ئایەتەیە ((لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْءَنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا

لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ)) ( پ. د. عیزەدین مستەفا رسول ، 2020 ، ل 915 ) ( هەروەها بنوارە قورئانی پیرۆز ، سورەتی بەقەرە : ئایەتی 21. )

خانی:

لەقەسیدەی ( ستایشی خواو پێغەمبەر ( د.خ ) دا کەبریتییە لە ( 40 ) دێرە شیعر لەزۆربەی دێرەکاندا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەکات ، کە لەدێری یەکەمدا دەڵێت:

سەرنامەی نامە نامی ئەتلا

بێ نامێ تەناتە مامە وەڵلا ( مەم و زین ، 1962)

لێرەدا خانی بە چەند ووشەیەك ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکات ، کە ئەویش مەبەست لە ئایەتی ( بسم الله الرحمن الرحيم ) کە لەسەرەتای سورەتەکانی قورئاندا دێت وەکو ئایەتێك مامەڵەی لەگەڵا دەکرێت . کاتێ خانی لە دیباجەی داستانی ( مەم و زین ) دا ، دێت و باسی ڕەوش و بارودۆخی کورد دەکات و پەنجە دەخرێتە سەر کەم و کوڕییەکانی نەتەوەکەی تیایدا تێدەپەڕێن و ئەو بارە ناهەموارەی کە تێی کەوتوون لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیەکانی کە لەنێوان دوو زلهێزی ناوەڕاست ئێرانییەکان لەلایەك و عوسمانییەکان لەلایەکی تر ، کە کوردستانی گەورە لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبوو ، کوردیش کەوتبوونە نێوانیان ، بۆیە بلیمەتێکی وەکو خانی درك بەژێر دەستی کورد دەکات کەبێ بەشکراوە لەهەموو مافێکی نەتەوەیی لەلایەن هەردوو لایەنەوە بەبێ جیاوازی ، بۆیە ئەمەی خوارەوە دەڵێت،کە وەکو کەسێکی هەناو سووتاو:

کرمانج بن بخووت مولەتتەغ

وان ژ یەك ڤەدکەن میسالێ بەزخ ( مەم و زین ، 1962)

لێرەدا خانی وێنەیەکی زۆر جوانی دەقئاوێزان دەخاتە ڕوو ، کە ئەویش جۆری ( تێلنیشان ) ە ، خانی هاتووە تەنیا یەك وشەی ئایەتی ( ومن ورائهم برزخ الى يوم يبعپون ) ( سورەتی المومنون ئایەتی 100 ) . یانیش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (( بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَا يَبْغِيَانِ )) ( سورەتی الرحمن : ئایەتی 20 ) . بەرزەخ هەروەکو لەم دوو ئایەتەدا هاتووە ، دیوارێکە لەنێوان دوو شتدا ، کە ڕێگری لە بەیەك گەیشتنیان دەکات . خانی وشەکەی بەکارهێناوە بۆ هەمان ئاراستە ، بەڵام بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵا ئەو بیرۆکەیەی کە خانی مەبەستێتی ، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات ، کە کاتێك هەردوو لایەن ئێرانی سەفەوی و عوسمانی سوننە مەزهەب کاتێك شەڕ و جەنگ لەنێواندا ڕوو دەدات و دێتە ئاراوە ، هەر نەتەوەی کورد باجی

قوربانی ئەو شەڕە نەخوازراوە دەدەن ، کە لەسەر خاکەکەیان ڕوودەدات و لەخوێنی خۆیان دەگەوزن و وەکو دیوارێکی لەشێوەی بەرزەخ لەنێوانیان وەستاوون و هەر ئەوانە دەبنە بنووکی قوربانی ئەو شەڕە شەڕەنگیزە لەسەریان سەپاندووە.

**نالی:**

وەکو شاعیرێکی بلیمەت و لێهاتوو و سەر قافڵەی شاعیرانی بابان بوو ، لە هونەری ڕەوانبێژیدا شاسوارێکی بەتوانا و بەهێز بوو . گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز لەو بوارەدا ، کەس نەبوو ڕکابەری لەگەڵا بکات لەو ڕوویەوە . لە دێڕێکی شیعریدا پەنا دەباتە بەر دەقئاوێزان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دوو وشەی لەسەر یەکی لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز وەردەگرێت و تێکەڵا دەکات لەگەڵا وشەکانی تری دێڕە شیعرەکە و واتا و مەبەستی ئایەتەکە زیاتر تیشك و ڕووناکی دەخاتە سەر ، هەروەکو دەڵێت:

ئەم فەیزی نوورە هەرچی کەواناره مردووە
بەم ( نەفخی سوورە ) هەرچی کە خاکە ژیاوە ( دیوانی نالی : 1977. )

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم دێڕە شیعرە بدەین و پتر واتای وشەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاو ڕوونی دروست بێت ، بەرامبەر شیعرەکە ، کەواتە قەبزی نوور نیشانەیە بۆ ڕووناکییەکی زۆر و نەفخی سوورە بەواتەی فووکردن بەو بوریزانە کە لەوەوە دونیای مردووی پێ زیندوو دەبێتەوە . ئەم دێڕە ناوەڕۆکەکەی ئاماژەیە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە پەیوەستە بە زیندوو بوونەوەی هەموو بوونەوەرێك لە کاتی فووکردن لەڕۆژی دوایدا ، بەم پێیە نالی ( تێلنیشان ) ی بەکارهێناوە و سوودی لەو ئایەتە وەرگرتووە کەخوا دەفەرموێت : (( وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ )) (سورەتی زومەر : ئایەتی 68. )

لەدێڕێکی تردا نالی بەردەوام دەبێت لەسوود وەرگرتن لەواتاکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و سوودی لێ وەردەگرێت و تێلنیشان ئەنجام دەدات ، هەروەکو دەڵێت دەربارەی گیان کێشان لەلایەن ( عیزرائیل ) ەوە و مرۆڤ دەکەوێتە ژێر باری سەرە مەرگەوە.

خاڵی نی یە نالی دڵەکەت ساتێ لە هیجران
تاتاری وجوودت نەپسێنێ مەلەکولمەوت ( دیوانی نالی : 1977. )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ووشەی مەلەکولمەوت ئاماژەیە بۆ عیزرائیل کە خوا ئەو ئەرکەی پێ ڕاسپاردووە وەکو فریشتەی گیان کێشان ناوبانگی دەرکردووە و لەناو باوەڕداران زانراوە کە لەکاتی ڕووح کێشانی ئادەمیزاد ئەو دەسەڵاتە بەو فریشتەیە دراوە . بۆیە نالی لەو ڕوانگەیەوە پەنای بردووەتە بەر ئەو ناوە و لە هۆنراوەکەدا تێهەڵکێش کردووە و ئەمەش ئاماژەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز ((قُلْ يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ )) ( سوورەتی ئەلسەجدە : ئایەتی 11.)

**خانای قوبادی:**

شاعیرێکی کوردە نەخاسمە لەو کاتەی کەشیرین و فەرهادی بەزمانی کوردی وەکو داستانێکی دڵداری و خۆشەویستی کە لە شاخەکانی زاگرۆس ڕوویداوە . ئەویش وەکو شاعیرانی تری کورد بەرهەمەکەی بێ بەری نەکردووە لە هونەری دەقئاوێزان کەزۆربەی شاعیرانی کلاسیکی سوودی لەم ڕێچکەیە وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندکردن و بەتین کردنی بەرهەمەکەیان ، خانا لەدێرێکی شیعریدا ڕاستەوخۆ یەکسەر پەنا دەباتە بەر بەشێك لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و هەروەکو خۆی بەکاردێنێت:

ئاخر خوداوەند بەخشندەی بێ چوون

کەریمی بێ باك کار ( کن فیکون ) ( شیرین و فەرهاد ، 1975. )

بۆئەوەی زیاتر ناوەڕۆك واتای دێڕەکە ڕوون و ڕەوان بێت ، واتای وشەکانی دێڕەکە دەخەینە ڕوو:

ئاخر : سەرئەنجام و خوداوەند مەبەست پێ خوایە و بەخشندەی ئەوەی دەبەخشێت و دەدات و بێ چوون دیسان مەبەست پێ خوایە کەتاق و تەنیایە و بێ هاوتا و وێنەیە و کەریم و سەخی یە و بێ باك واتە بێ ترس و ( کن فیکون ) ئەمە ئاماژەیە بە ئایەتی (( إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ )) ( سورەتی یس : ئایەتی 82. )

واتە کاری خودایە و ئەگەرشتێکی ویست پێی ئەڵێ ببە و ئەبێ.

**حاجی قادری کۆیی:**

شاعیرێکی ڕووناکبیری کوردە ، بەرامبەر هەموو دیاردەیەکی نامۆ و ناتەواو وەستاوە ، شیعرەکانی هەموو بوارێکی ژیانی کوردی گرتووە ، هەرچەندە شیعرەکانی بە زمانێکی سادە نووسراون ، بەڵام هونەرێکی بەرزی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی بەدی دەکرێت ، یەکێك لەو هونەرانە ، دەقئاوێزانە کە بەتوانایەکی بەرزە و پەنای بردووەتە بەر ئەو دیاردەیە ، نەك تەنیا لە قورئان و فەرموودەکانی سوود و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قازانجی بینیوە ، بەڵکو لەبەرهەمی شاعیرانی پێش خۆی و قسەی نەستەق و پەندی پیشینانی باوی کوردی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەبەرهەمە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و تێهەڵکێشی کردوون لەگەڵ شیعرەکانی بەشێوازێکی هونەری زۆر گونجاو ، هەروەکو لەم دێڕانەی خوارەوە دا ئەو بۆچوونە دەچەسپێنێت:

ونی مەکەن وەکوو ئاساری (( نالی )) و (( کوردی((
لەسەهوی دیدە بپۆشن ، گوزەر بکەن لەخەتا
نییە لە مومکینی ئیمکان خەتا و سەهووی نەبێ
بە غەیری خوا جەیی دیوانی (( علم الاسما )) ( دیوانی حاجی ، ل 81)

لێرەدا حاجی زۆر جوان و باش لەسەر ئەوە وەستاوە ، کە کردەوەی مرۆڤ ، هەر مرۆڤێك چەند شارەزا و زانا بێت ، ڕووبەڕووی هەڵە و چەوتی دەبێت لەژیانیدا ، جگە لە پەروەدگار ، بۆیە ئایەتی (( علم الاسما)) کە تێهەڵکێش کردووە لەگەڵ شیعرەکەی ، مەبەستی سەرچاوەی بەخشینی هەموو زانیارییەك بە ئادەمیزادا و هەر ئەوە ئادەم پێغەمبەری فێری هەموو ناوێك و کردەوەیەکی کردووە.
هەروەکو لە دەقی ئایەتەکەدا هاتووە ((  وَعَلَّمَ ءَادَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ  )) ( سورەتی بەقەرە : ئایەتی 31. )
بەم شێوەیە حاجیش هۆنراوەکانی بەهێز و پرواتا کردووە بەهۆی وەرگرتنی دەقئاوێزانی جۆر بەجۆر، هەڵبەتە ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە لای چەند شاعیرێکی کلاسیك کە دەقئاوێزانیان بەکار هێناوە لە شێعرەکانیاندا

## 2-2 :مەحوی و دەق ئاوێزانی ئایینی بە نمونەی قورئانی پیرۆز

هەڵبەتە زۆربەی شاعیرانی کلاسیك بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان بێت، بەهۆی کاریگەری ئایین لەسەریان و یاخود بەشێکیان هەر لە بنەڕەتدا خۆیان پیاوی ئایینی و مەلابوون و شارەزاییەکی باشیان لە قورئان و فەرمووده و زانستە شەرعییەکان هەبوو ، ئەم کارتێکەرییەی ئایین لەسەریان وایکردووە لەڕێگای هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەتایبەتی هەرسێ زانستی ( تێهەڵکێش ، تلنشان و أقتباس ) قورئان و فەرمووده و قسەی زانایان و وتەی جوان و شیعری شاعیرانی تێکەڵا بە شیعرەکانیان بکەن و لەو ڕێگەیەوە مەبەستە شیعرییەکانیان بگەیەنن ، هەر لەبەر ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستۆتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەر مەحوی شاعیر کە یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیك و پیاوێکی ئایینی بووە و توانیویەتی بەشێك لەو بابەتانە تێکەڵا بە شیعرەکانی بکات، بە دیاری کراویش تیشکمان خستۆتە سەر بەشێك لەو شیعرانەی کە ئایەتی بەکارهێناوە و سوودی لەو ئایەتانە وەرگرتووە کە مەبەستە شیعرییەکەی پێ تەواو بکات ، هەڵبەتە لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا قورئانی ئاوێزانی شیعرەکان کردووە ، بەڵام لەبەر فراوانی و درێژدادڕی ، بەشێکیمان وەکو نموونە هێناوەتەوە و ئامانجە سەرەکییەکەمان پێ دەرخستووە.

شایەنی باسە کە بە هەرسێ هونەری ڕەوانبێژی :( تێهەڵکێش و تلنشان و أقتباس ) توانیویەتی دەق ئاوێزانی ئایینی دروست بکەن ، بەکورتی بە پێویستی دەزانین کە بەکورتی هەریەکە لەو هونەرانە بناسێنین:

1 -تێهەڵکێش ( التچمین ) : بریتییە لەوەی کە:(( شاعیر شیعرێك یان نیوە شیعری شاعیرێکی ناودار یاخود ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرمووودەیەك تێکەڵا بە شیعرەکەی خۆی بکات ، ئاماژە بەوەرگرتنەکەی بکات بەخستنە ناو کەوانە ) ). ( موحسین ئەحمەد، 2013 ل 302 )

گەر سەیری ئەو پێناسەی تێهەڵکێشە بکەین بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کەچۆن شاعیر، بە کەڵك وەرگرتن سوود لە قسەی غەیری خۆی وەردەگرێت.

تلنشان : بریتییە لە : (( ئاماژەکردن بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز یان فەرمووودە یا چیرۆك ، یان پەندی پێشینان و زۆری تر ، بەشێوەیەك گونجاو بێ لەگەڵا چەمکی دەقەکە )) . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو 2013، ل 332 )

واتە : تلنشان ئاماژەکردنێکە بۆ بابەتێکی دیاریکراو بەو مەرجەی لەگەڵا مەبەستە شیعرییەکەی شاعیر بگونجێت و تەنها ئاماژەکردنێکە لەوانە بە وشەیەك ئاماژە بۆ مەبەستەکە بکات.

لێ وەرگرتن ( اقتباس ) بریتییە لە : (( هێنانی هەندێك لەدەقێك بۆ ناو دەقێکی تر بۆجوانی و پیرۆزی و بێ ئەوەی ناوی لێوەرگیراو بێنێ )) . ئەوەی شایەنی باسکردنە ئەم لێ وەرگرتنە بەزۆری لە قورئانی پیرۆز لە فەرمووودە وەردەگیرێ )) . ( هەمان سەرچاوەی پێشوو 2013، ل 301 ) . هەڵبەتە وەکو لایەنێکی جوانکاریش شاعیر سوودی لێوەردەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە،لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی گشتی چەند نموونە شێعرێك وەربگرین و لە بواری مەیدانیدا بابەتەکە ڕونتربکەینەوە، لە هەمانکاتیشدا شێعری جیاوازمان هێناون کە بە ئەو هونەرەی ڕەوانبێژیانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمانپێکرد مەبەستەشێعرییەکانی خۆی پێکاوە.

**یەکەم:**

بۆ گومبووانی چۆڵی موحەببەتیەتی خودا
تەبشیری ( و السلام علی من اتبع الهدی ) ( دیوانی مەحوی : لا 38. )

بێگومان گەر سەیری ئەم دێڕە شیعرەی مەحوی بکەین و لەماناکەی وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ، کە چۆن دەق ئاوێزانی تێکەڵا بە شیعرەکانی کردووە ، بە سوود وەرگرتن لە هونەری (إقتباسەوە) ، سوود و کەڵکی لە ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا و لەسورەتی ( گە ) لە ئایەتی ( 47 ) دا دەفەرموێت : ((فَأْتِيَاهُ فَقُولَا إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكَ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى )) ( سورە گە : 47 : ل 314 ) . واتە : ئێمە دوو کەسی فروستادەی خوای پەروەردگارین ، دەسا تۆش بەنی ئیسرائیل ئازادکە و بیاندەرە دەستمان و لەگەڵمان بیاننێرە و سزایان مەدە ، هەروەکو : مەحوی لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت ئەوانەی ڕێ ون ناکەن ،لەسزای ڕۆژی قیامەت پارێزراو دەبن ،کە مەبەستی لەو کەسانەیە کە لە بیابانی خۆشەویستی خوادا ڕێگەیان ونکردووە و سەری خۆیان هەڵگرتووە.

هەروەها لەم دێڕە شیعرەدا، مەحووی سوودی لەزانستی ( أقتباس ) وەرگرتووە کە زانستێکی ڕەوانبێژییە.

**دووەم:**

کە ئەمری فەرمووو ئەو شاهە بە ( أقرأ)
ئەگەر فەرمانی قەتڵە کێ دەڵێ نە، ( دیوانی مەحوی : ل 72. )

گەر سەیری ئەم دێڕە شیعرەش بکەین و لە ماناکەی وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر چۆن سوودی لە زانستێك لەزانستەکانی ڕەوانبێژی وەرگرتووە، لە ڕێگای هونەری تلنشانەوە ، توانیویەتی لەم ڕێگایەوە سوود و کەڵك لەو ئایەتەش وەربگرێت کە خوای گەورە دەفەرموێت : ((اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا )) ( سورەتی اسراو ، 14 ، ل 238. )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە خوای گەورە دەفەرموێت : لە ڕۆژی قیامەت نامەی کردەوەکانی هەر کەسێکی دایە دەستی خاوەنەکەی ، پێی فەرموو خۆت نامەی خۆت بخوێنەوە و بزانە لە جیهاندا چیتکردووە ، ئەو کاتە کێ دەتوانێ سەرپێچی بکاو بڵێ نە.

هەر بۆیە کاتێك سەیری مانای ئەم دێڕە شیعرە دەکەیت ،کە شاعیر دەڵێت : ( کە ئەرشای ئەو دولبەرانە فەرمانی دا بەدکارەکانی کەوا دەفتەری عیشق بخوێننەوە و خەریکی دەرسی عیشق بن کە کەسیان ناتوانێ لە ئاستی ئەو فەرمانە ملکەچی بکات ، هەرچەند ئەو فرمانی خوێندنەوەی دەفتەری عیشقە ئەنجامەکەی کە کوژرانی عاشقەکەش بێت. ((

هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو مانایەیە کە دەردەکەوێت ،کە مەحوی سوودی لەم ئایەتە وەرگرتووە لەڕێگای زانستی ( تلنشانە) دەوە.

**سێیەم:**

قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە ، دەبینی مەنسور

بەسەری دارەوە ( زالنون ) ە لە بن زیندانا. (دیوانی مەحوی ، ل 66 )

گەر سەیری ئەم دێڕە شیعرەش بکەین ، و لە ماناکەی وردبینەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە ، کە شاعیر بە شارەزایی لە زانستەکانی ڕەوانبێژی (تلنشان) توانیویەتی بەشێوەیەکی مەیدانی سوود لەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە لە سورەتی ( النبیأ ) ئایەتی ( 87 ) وەرگبرێت کە خوای گەورە دەفەرموێت : ((وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ )) ( سورەتی الانبیأ، 87 ـ ل 349 )

گەر سەیری ئەم دێڕە شیعرەش بکەین کەچۆن شاعیر ئاماژەی بە مەنسوری حەللاج کردووە ، کەلەسەر ئیدیعای ( انالحق ) کردن لەسێدارەیان داوە ، هەروەها وشەی ( ژالنون ) کە شاعیر لە قورئانی پیرۆز وەری گرتووە کەباسی حەزرەتی یونس دەکات کە ماسیەکی گەورە قوتی دا و حەوت ڕۆژ لەناو سکی دا مایەوە ، تاوەکو پاشان بەخواستی خوا لە قەراغ ئاوێکدا هەڵی هێنایەوە ، هەر بۆیە شاعیریش دەڵێت : (( پیاوی پیاو بێ نەماوە ، لەسەر زەویدا و دونیای دوون جێگەی مرۆڤی مەرد و بەهیمەتی تێدا نابێتەوە ، بۆیە وا مەنسوری حەللاج دەکرێ بە دارا و پێی لە زەوی دەبرێ و یونس پێغەمبەر دەکەوێتە زیندانی سکی ماسی بنی دەریا و کەسیان لەسەر ڕووی زەوی ناژین ، هەر بۆیە کە ڕوون و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاشکرایە مەحوی سوودی لەو ئایەتە وەرگرتووە و لەڕێگای زانستی ( تلنشان ) تێکەڵی بە شیعرەکەی کردووە.

**چوارەم:**

ئازاری دام و هەر کەسە کردی لە گردی خۆی

هێزم کەشی جەهەننەمە (( حماله الحگب )) ( دیوانی مەحوی ، ل 79. )

ئەگەر سەیری ئەم دێڕە شیعرە بکەین ، دەبینین کە شاعیر هونەری دەق ئاوێزانی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە ، لەڕێگەی زانستی ( اقتباسەوە ) توانیویەتی دەق ئاوێزانی لە شیعرەکەی خۆیدا بەرجەستە کردووە ، واتە : شاعیر دەق ئاوێزانی لەڕێگەی ( أقتباس ) ی ئەم ئایەتە : (( حماله الحگب )) .لەناو شیعرەکەی خۆیدا دروستکردووە.

گەر سەیری ( سورەتی المسد ) ئایەتی چوار بکەین کە خوای گەورە دەفەرموێت : ((وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ )) ( قورئانی پیرۆز ، سورەتی المسد 4 ، ل 603. )

واتە : خوای گەورە دەفەرموێت : ژنەکەشی هەر ئەچێتە ناو ئاگرەوە کە ژنەکەی ،کە کۆڵەداری بۆ ئاگری مێینە و ئاژاوە بە کۆڵەوەیە و پێیەوە بە ماڵانا ئەگەڕێ . لە هەمانکاتیشدا گەر سەیری مانای شیعرەکەی شاعیر بکەین، کە دەڵێت : ئازاری دڵی دام و بەفیتنەی ناحەز خراپەی لەگەڵا کردم ، ئەوانەی کە یار لەدەوری خۆی خڕ کردونەتەوە و دڵی داونێ هەموو فیتنە و قسە بەرن و خراپەشی دەڵێن ، ئەمانە خۆشکەری ئاگری دۆزەخن و داری بۆ دێنن.

هەر لەبەر ئەوەیە، کە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن مەحوی لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە توانیویەتی ئەم هۆنراوەیە بنووسێت و قورئانی وەکو ئامرازێك بۆ گەیاندنی مەبەستی شیعری خۆی سوودی لێ بینیووە.

**پێنجەم:**

بەیادی قامەتی ماوم بەپێوە

))علی ما میلها موسی توکا (( ( دیوانی مەحوی ، ل 73. )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەر سەیری ئەم شیعرەی شاعیر بکەین بۆمان دەردەکەوێت ، کە شاعیر بەهۆی شارەزایی تەواو لە زانستەکانی ڕەوانبێژی هونەری دەق ئاوێزانی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە لەڕێگەی زانستی تێهەڵکێشەوە توانیویەتی دەق ئاوێزان لە شیعرەکەی خۆیدا جێگیر بکات:

واتە شاعیر تێهەڵکێشی لەڕێگەی ئەم ئایەتەی ((وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَى (17) قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى )) ( سورەتی گە ، 17،18 ، ل 313. )

واتە خوای گەورە لەئایەتی حەڤدەدا دەفەرمویێت موسا ئەوە چییە بەدەستی ڕاستەوەیە واتە خوا پرسیاری لێ دەکا، ئەویش وەڵامی ئەداتەوە و دواتر لەئایەتی هەژدەدا، مووسا وەڵامی دەداتەوە ، ووتی ئەوە عەساکەی دەستمە خۆم ئەدەم بەسەردا و گەڵاداری پێدا ئەوەرێنم بۆ مەڕەکانم و چەند ئیشێکی پایەداری تریشم پێی هەیە.

گەر سەیری ماناکەی ئەم شیعرەی شاعیریش بکەین ، کە دەڵێت : وەك چۆن مووسای پێغەمبەر پاڵی دەدا بە عەساکەیەوە و دەوەستا ئەمنیش پاڵم داوە بەیادی باڵای قنجی یارەوە و بەو یادەوە دەژیم.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت بە ووردبوونەوە لەم ئایەتی قورئانی پیرۆز کە شاعیر توانیویەتی ئامرازە شیعرییەکەی خۆی پێ جێ بەجێ بکات.

**شەشەم:**

شەرەف هەر عیلمە نابینی کە ئەشرەف

موشەڕڕەف بوو بە ئەمر ئەووەل بە ( أقرأ )                    ( دیوانی مەحوی ، ل 74. )

هەڵبەتە گەر سەیری ئەم شیعرەی مەحوی بکەین، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە شاعیر بە تەواوەتی کاریگەری قورئانی بەسەرەوە دیار بووە و لەهەمانکاتیشدا بەهۆی شارەزایی لە زانستەکانی ڕەوانبێژی توانیویەتی دەق ئاوێزانی لە شیعرەکانی خۆیدا ڕەنگ پێ بداتەوە ، واتە شاعیر تلنشانی لەڕێگەی ئەم ئایەتەوە ((اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (1) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ )) ( سورەتی الخلق ، 1 ، ل 517 ) . دروستکردووە.

واتە : خوای گەورە دەفەرموێت بخوێنە بەبەرەکەتی ناوی ئەو خوایە کە ئادەمیزادی دروستکردووە .

لە هەمانکاتیشدا کاتێك سەرنجی مانای شیعرەکەی شاعیر دەدەیت ، کاتێك دەڵێت : شەرەف و سەر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزی هەموو بەزانستی عیشق و خۆشەویستی خوایە ، نابینی یەکەم فەرمان کە خوا بۆ پێغەمبەری گەورەی نارد ئەوەبوو کە بخوێنە بە ناوی ئەو خوایەی کە مرۆڤی دروستکردووە.
هەر لەبەر ئەوەیە کە شاعیر بەسوود وەرگرتن لەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز توانیویەتی شیعرەکەی بەهێز و کارتێکەر بکات و ئەو پەیام و مەبەستەی کە هەیەتی بە کۆمەڵگای بگەیەنێت.

**حەوتەم:**

بەناو ئێمەش ڕیجالین و، ڕیجالی ( هم رجال ) هەم
بەفەجری ناو دەبەن سەد حەیف ئەگەر سادیق ئەگەر کازیب. ( دیوانی مەحوی ، ل 86. )

گەر سەیری ئەم شیعرەی شاعیر بکەین ، بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر بەهۆی شارەزایی تەواو لە زانستەکانی ڕەوانبێژی هونەری دەق ئاوێزانی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە لەڕێگەی زانستی ( أقتباسە ) وە توانیویەتی دەق ئاوێزان لە شیعرەکانی خۆیدا جێگیر بکات:
واتە شاعیر ( أقتباس ) لەڕێگەی ئەم ئایەتەی ( هم رجال ) بەکارهێناوە کە خوای گەورە لەسورەتی ( نور ) لەئایەتی (37 ) دەفەرمویَ : ((رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ )) ( سورەتی نور ، ئایەتی 37 ، ل 355. )
واتە : خوای گەورە دەفەرموێت، لە مزگەوتەکانی خوادا کۆمەڵە پیاوێکی وا هەن، بازرگانی و کڕین و فرۆشتن ناوی خۆیان لە بیر ناباتەوە و پەکی نوێژکردن و زەکات دانیان ناخات ،لەو ڕۆژە دەترسن کە چاوەکانیان تیا ئەبڵەق دەبێ . کەواتە مەحوی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەی قورئان توانیویەتی مەبەستە شیعرییەکەی خۆی بگەیەنێتە دەوروبەری و بەسەرنجدان لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە توانیویەتی ئەم دێڕە شیعرە بهۆنێتەوە.

**هەشتەم:**

شوکر ڕوو زەردی عیشقم نووسراوە
لەسەر ڕووم ئایەتی ( صفراٌ فاقع ) ( دیوانی مەحوی ، ل 208. )

بەتەماشاکردن و سەرنجدان لەم دێڕە شیعرەش، بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر لەڕێگای زانستێك لە زانستەکانی ڕەوانبێژی هونەری دەقئاوێزانی تێکەڵا بە شیعرەکانی کردووە و ئەم دەق ئاوێزانەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕێگای ئەو ئایەتەی، کە خوای گەورە دەفەرموێت : ((قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ )) ( سورەتی البقره ، ئایەتی 69 ، ل 10. )

خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی ئەو مانگایە دەکات، کە دەبوو ئیسرائیلیەکان سەری ببڕن و بیکەن بە خێر، خوێنەکەی بدەن لەلاشەی پیاوە کوژراوەکە تاوەکو زیندوو بێتەوە و بڵێ بکوژەکەی کێ بووە ، هەمیشە بەبیانووی ئەوەوە، کە نازانن مانگایەکی چۆنە ، هەر خۆیان لەمەسەلەکە دەدزیەوە مەحوی لێرەدا تێکرای مەعنای ئایەتەکە و سەرگوزەشتەکەی مەبەست نی کاری تەنها بەگەیاندنی مەعنای زەروی سور هەیە.

کەواتە مەحوی توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لەم ئایەتەی قورئان مەبەستە شیعرییەکەی خۆی بپێکێت و ئامانجەکەی دیاری بکات.

هەڵبەتە، مەحوی شیعری زۆری هەن، کە ئایەتی قورئانی پیرۆزی بەکارهێناوە و توانیویەتی سوود و کەڵکیان لێ وەربگرێت ، ئێمە لێرەدا لەبەر درێژدا دڕی بابەتەکە بەم چەند دێڕە شیعرە کۆتایی بە باتەکە دێنین.

## ئەنجام

1. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان،چەمکی دەقئاوێزان بۆ یەکەم جار، لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپییەوە سەری هەڵداوە و پێشەنگەکانی ( میخائیل باختین و جۆلیا کریستیڤا و ڕۆلان بارت ) بوون، بەڵام هەرچی دەقئاوێزانە، لە ڕەخەی ئەدەبی کوردیدا، لە ساڵانی هەشتاکانەوە، سەری هەڵداوە ، بەڵام سەرەتا بە دزی ئەدەبی ناوزەند کراوە ،لە هەمانکاتیشدا دەقئاوێزان خاوەنی کۆمەڵێك یاسای تایبەتە لەوانە ، تێهەڵکێش ، تێلنیشان ،وەرگیران، جووینەوە ، هەڵمژین.
2. گەرسەیری یەکێك لەخاسیەتە دیارەکانی دەقئاوێزان ئەوەیە، کە کەلەپووری نەتەوە یی ڕەتناکاتەوە، بەڵکو سەر لەنوێ بەشێواز و یاسا و میکانیزمی جیاوازەوە دایدەڕێژێتەوە.
3. مەحوی شارەزاییەکی باشی لەمانی بێگانە هەبووەو ئەمەشی کردۆتەفرسەتێك بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعری خۆی ،لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی بواری جۆراو جۆر بۆ دەقئاوێزان بڕەخسێنێت لە دەقە شیعرییەکانیدا، لەهەمانکاتیشدا ئەوەی لەمێژووی ئەدەبیاتدا چەسپاوە،ئەوەیەهەرشاعیرو نوسەرێك،پەنابباتە بەریەکێك لە ڕەهەندەکانی دەقئاوێزان،واتای

ئەوەیە،کە ئەوکەسە، شارەزاییەکی باشی لەزانستەدا هەیە،دەیهەوێت بەرهەمی خۆیی پێ بەهێزبکات، ئەمەش کارێکی ڕێگە پێدراوەو لە ئەدەبیاتدا و ئەمەش لەدێرزەمانەوە پەیرەو کراوە.

4. ئەدەبی ئایینی سەرچاوەیەکی گرنگی ڕۆشنبیری شاعیر بووە ،لە هەمانکاتیشدا شاعیر خۆشی بەشێك بووە لەوەی کەکاریگەری ئاینی بەتەواوی بەسەرەوە دیاربووەو لە هەمانکاتیشدا خۆشی شارەزاییەکی باشی لە قورئان و تەفسیرەکانی قورئاندا هەبووە، هەر لەبەر ئەوەشە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ درووست بوونی دیاردەی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شاعیردا.
5. گرنگترین جۆرەکانی دەقئاوێزان کە شاعیر قورئانی پێ تێکەڵ بەشێعرەکانی کردووە بریتین( تێهەڵکێش، تیلنشان،اقتباس)، توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە مەبەستەشێعرییەکانی خۆیی بێنێتەدی.

## سەرچاوەکان


1. قورئانی پیرۆز.
2. کەمال مەعروف ، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، 2003.
3. عەبدولموتەلیب عەبدولا، کۆمەڵێك نووسەر ، نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2006.
4. ئیبراهیم حسن حەمەد، ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەرۆمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین،2014
5. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بەراوردی ئەدەبی (تیۆری پرکتیکی) چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،2014
6. نەجم خالد ئەڵوەنی، جۆرەکانی دەقئاوێزانی لەرۆمانی (پێنجەمین کتێب) ی جەبار جەمال غەریب،سلێمانی، 2012.
7. هەڵمەت بایز، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی بە ختیارعل، چاپخانەی شەهاب،هەلێر ،2013.
8. کمال معروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی،2013.
9. بابە رسول نوری رسول، شیکردنەوەی دەق، نوکتە بەنموونە،نامەی دکتۆرا،فەکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە، 2013.
10. شنۆ محمەد مەحمود، دەقئاوێزان لەشێعری نوێی کوردیدا، بەنموونەی(پیرەمێرد،گۆران،لەتیف هەڵمەت)نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،2011.
11. صبعی گعان،وەرگێران عەبدوالمتەلیب عەبدوڵلا،گ(ڕامان)ژ(54)کانوونی یەکەمی 2000.
12. موحسین ئەحمەد مصگفی ،بەهاری ڕەوانبێژی(واتاناسی،ڕونبێژی،جوانکاری)نارین،هەولێر،2013.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13. دیوانی مەحویی،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدوالکریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلاکەریم،چاپی هەشتەم،سنە-کردستان،1387.
14. عبدالقادر محمد ئەمین ماوەتی ، دەقئاوێزان لەشیعری کوردیدا ، گ ( زانکۆی سلێمانی ) ، ژ ( 8 ) ، 2000.
15. ئیدریس عەبدوڵلا ، جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا ، سلێمانی ، چاپخانەی گەنج ، 2003.
16. سەعد فاروق یوسف ، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختاربەگی جافدا ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، 2011.
17. عەبدولکەریمی مودەڕیس ( مەلا ) ، بەدیع و عەرووزی نامی ، چاپخانەی ( دار الجاحظ ) ، بەغداد ، 1991.
18. عەزیزگەردی ، ڕەوانبێژی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2002.
19. عەلائەددین سەجادی ، خۆشخوانی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، 1978.

## Religious Textual in Mahwy's Poems with Holy Quran's Example

**Mohammed Omer Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammedqolmarfy@gmail.com

**Abdullah Yassin Amedi**
Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdallah.amedi@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Mahwi, Religious Textual, Poem, Literature, Rhetorical Arts*

## Abstract

(Religious textual in Mahwy's poems with Holy Quran's example) is the title of the research that is an academic work .To show religious texts specially Holy Quran, it shows clearly in his poems .Also this research consists two main parts in the first part in a theoretical way talks about religious textual , concepts and definition of religious textual and types of religious textual ) in the second part of this study in a practical

way it talks about the ( some of classical poets who have entered Holy Qurans texts in their poems ) After that it shows Mahwy's religious textual with Quran's examples).

As a result, in this study, we find that according historical sources, concept of religious textual for the first time emerged in critical European literature and its leaders were (Mikhail Bakhtin, Golia kritiva and Rolan Bart)
But in Kurdish literature religious textual emerged in. But for the first time called like literally thief , religious literature was an important source of poet's knowledge the poets one of those who have great religious knowledge about Quran and interpretation) so it was an important source for creating religious textual . In the End of this Study, it shows the result of this research also those sources that relied on.

**ملخص**

(النص الديني في قصائد محوي كمثال من القرآن الكريم) هو عنوان البحث والجهد الأكاديمي لإظهار جانب النص الديني، خاصة القرآن الكريم، الذي ينظر إليه في قصائده بشكل كبير، ومع ذلك، ينظر إلى هذا البحث في قسمين ,
في الجزء الأول :
يتم مناقشة الجزء الرئيسي من الدراسة بطريقة نظرية، مثل المصطلحات والمفاهيم وتعريفات النصوص والأنواع النصية والأبعاد النصية. وضعوا القرآن الكريم في قصائدهم ثم النور وقد وضعت على والنصوص الدينية كأمثلة على القرآن الكريم ، لكن ما تلقيناه في هذا البحث هو أنه، وفقا لمصادر تاريخية،
ظهر مفهوم النص لأول مرة من النقد الأدبي الأوروبي :
كانوا رواد ميخائيل باختين وجوليا كريستيفا ورولان بارت، لكن جميع النصوص، في النقد الأدبي الكردي، ظهرت في الثمانينيات، ولكن في البداية كانت تسمى سرقة أدبية وأدب ديني كانت مصدرا مهما لثقافة الشاعر. وفي الوقت نفسه، كان الشاعر سعيدا جدا لأن الكاريكاتير الديني كان مرئيا تماما عليه، وفي الوقت نفسه كان على دراية جيدة بالقرآن وتفسيرات القرآن، ولهذا السبب أصبح مصدرا مهما ، وفي نهاية الدراسة، نوقشت نتائج الدراسة، وكذلك المصادر التي اعتمدوا عليها.
الكلمات الرائدة هي: محوي ، الشعر، النصوص، الأدب، الفن الخطابي